# مەكتەبی سەرۆك كۆمار

# بـــــــۆ وا.....!

**هەندرێن ئەحمەد**

لەو كاتەی ئەو چەند دێرە دەنووسم ، حزبی شیوعی سالّیادی رۆژی شەهیدی شوعی دەكاتەوە، ئەو شەهیدانەی كـە سـەرەتاكەی دیـارەو وكـاروانێكی بێپسـانەوەیەو ئـەو مرۆڤانـەن كـە لـە رۆژە سەختەكاندا بە گژ سەرسـەخترین رژێمـەكانی سـەردەمدا چـوونەتەوە، كـە بـە خۆشـی دۆسـت و نەویستی دوژمنانیش ، پێویستە سالّیادی ئەو مرۆڤـە خۆنەویسـتانە و كاروانەكـە و حزبەكـەیان رێزی لێبگیرێت.

بـەلاّم بەداخـەوە، لـە هەلّوێسـتێكی زۆر سـەرپێیانەو نادروسـتدا لـە درۆیـەكی دروسـتكراوەوە هێرشێكی نارەوا دەكرێتە سەر حزبی شەهیدان ، داخەكەش گـرانترە كـە ئـەو هێرشـەو نـارێكی پێكردنە لەلایەن كەس و مەكتەبی پیاوێك بێـت كـە ئێسـتا لـە لوتكـەی هـەرەمی دەسـەلاّتی دەولّەتدایەو خودی ئەو سەرۆكەو مەكتەبەكەشی لە دەیان موناسەبە و شوێن و جێگادا ئیشارەتی دیار و ئاشكرا بە تێكۆشانی ئەو حزبە دەكەن و لە هەمانكاتدا لە هاوپەیمانیدان لە گەلّیدا .تـۆ بلّێـی چـی وای كردبێـت كـە مەكتـەبی سـەرۆك كۆمـار بـەو پەلـە پۆزێیـە هێرشـی نـارەوا و هەلّسەنگاندنی مەبەدەئی خۆی بەرامبەر بەو حزبە بگۆڕێت ؟یان چ هۆكارێكی پشت پەردە هەیە لەوەی بێگەڕانەوە بۆ سەرچاوەی هەوالّ و تەئكیدكردنەوە، هەلّوێستێكی وا وەربگیرێت ...؟ ئایا بـۆ دەبێت نەفەسی دیموكراسی مەكتەبی سەرۆك كۆمار ئەوەندە تەسك و سوار بێت ؟ یـاخود خۆیـان لە كەلێكی بەرز ببینن‌و وابزانن بە نووكە قەلەمێك هەركەس و هەمووكەسێك دەتوانن بسـڕنەوە ؟..........

لە بەردەم وەها كاردانەوەیەكی بێ بنـەمای مەكتـەبی سـەرۆك كۆمـار لەبەرامبـەر هـەوالێكی بێسەرو بەری رۆژنامەی ئەلحەیاتدا،چ شتێك دەخوێندرێتەوە .؟ خۆ هەرگیز حزبی شیوعی رەخنـەو تێبینیەكانی خۆی نەشاردۆتەوە و هیچ كاتێكیش هەولّی نەداوە رۆژە سەخت و دژوارەكـانی حزبـە سیاسیەكانی كوردستان بقۆزێتەوە ئەگەر هەلّەی زەق و نادروستیشیان دەرهەق بە گەل و نیشتمان و رۆژە هەستیارەكانی مێژوو كردبێت.

هەردەم لەبەرەی نیشتمانی و بەرژەوەندی بالاّی نیشتمانیدا بووە، چاوەڕێی پاداشتیش لە هیچ كەس و لایەنێك نیە لەبەرامبەر ئەو هەلّوێستانەیداو رەنگە زۆر جـاریش كەوتۆتـە بەرفشـاری بنكـەی حزبی و جەماوەری خۆی لەبەرامبەر هەندێك هەلّوێستدا كە لە هەقەتدا بەنەفەسـی بـەرفرەوانی سیاسی و مێژو و تەجرەبەی درێژی خەبات وەرگرتوە.

كاردانەوەكەی مەكتەبی سەرۆك كۆمار، ئەگەر داوای لێبووردن لە حزبی شیوعی نەكات و چـۆن كارێكی باشی كردوە لە ماڵپەڕەكەیاندا روونكردنەوەكەی حزبـی شـیوعیان بلاّوكردۆتـەوە، ئـەوا

مسداقیەتی کارمەندان و سەرچاوەکانی هەواڵی مەکتەبی سەرۆك دەکەونە بەر گومان لە چۆنیەتی کارەکانیان، هەروەها خودی سەرۆك کۆماریش لەو مەسەلەیەدا دەخەنە بەر فشارێك کە سەرۆك کۆمار پێویستی بە رەوشێکی وەها نیە بەتایبەتی لەو کاتەی لە هەرمی دەسەلاتی دەوڵەتێکدایە هەنگاو بەرەو دیموراتی دەنێت و لە هەر کات زیاتر پێویستی بە نەفەسێکی درێژهەیە بۆ مامەڵەکردنی لە گەڵ روداو و پێشهاتەکاندا.

لە بەشێکی روونکردنەوەی نووسینگەی سەرۆك کۆماردا بە شێوەیەکی دەمامکدراو بانگێشەی هەرەشەی پێوە دیارە و باس لە بڕینی بودجەی حزبەکان دەکات بەتایبەتیش ناوی حزبی شیوعی دەهێنێت، لەبیریان دەچێت ئەو حزبەی بە رۆژگاری وەهادا تێپەڕ بووە کە نە بودجە لە ئارادابوەو نە لە پێناو بودجە هەڵوێستە سیاسیەکانی بینا کردوە. هەروەها قسەکردن لەو مەسەلەیە بۆ نوسینگەی سەرۆك کۆمار خۆ بچوکردنەوەیە و گەڕانەوەیە بۆ قاڵبی حزبێك زیاتر لە هەرمی لوتەکەی دەسەلات , ئەوەش کاری نوێنەری کورد نیە لە بیناکردنەوەی دەوڵەتی عێراقی نوێدا.

ئەگەر هەر قسەیەکیشمان هەیە لە بارەی دارایی و بودجەی حزبەکان لە پەڕلەمانی کوردستان دۆسیەی ئەو مەسەلەیە هەڵدەینەوە کارتەکان ئاشکرا بکەین. ئەو بێجگە لەوەی کەس قسەی لەسەر بودجەی سەرۆك کۆمار نەکردوە کە چەندە و چۆن سەرف دەکرێت و سەروەتو سامانی بەرپرسانی دەوڵەت چەندە و چۆنیان پەیدا کردوە!

بەبۆچونی من کاردانەوەکەی نوسینگەی سەرۆك کۆمار یا ئەوەتە بە پەلەیەکی بێ بنەماو بێ پاساو کراوە, یاخود شتێکی دیکەی سیاسی هەیە کە تائێستا لایەنەکانی ئاشکرانەکراوە و پێدەچێت باشیش مەسەلەکە نەهۆنرابێتەوە بۆیە هەرزوو شکستی خوارد.